گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ناحیەی تەقتەق و دەوروبەری لە پرۆسەی ئەنفالی چواردا 3-7 ئاياری 1988

**م.پەرژین جەعفەر ڕۆستەم ئۆمەربلی**
بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
parzahaji@gmail.com

**پ.ی.د. شوان محەمەد ئەمین تەها**
بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
shwan.taha@su.edu.kur

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٣
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٦
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
ئەنفال، تەقتەق، ئافرەت، زیندان، ڕووخان

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.4.9

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تیشك دەخاتە سەر ئەنفالی ناحیەی تەقتەق و دەوروبەری، کە لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەنفالی چواردا ڕووبەڕووی بووەتەوە، هەڵکەوتەی جوگرافی و تۆپۆگرافیای شوێنەکە وایکردووە کە ناوچەیەکی لەباربێت بۆ جموجوڵی سەربازیی و شەڕی پارتیزانی، بەوهۆیەشەوە هەمیشە چاوی حکومەتی لەسەر بووە، چەندین جاریش لەم ناوچەیەدا شەڕ و ڕووبەڕوونەوەی سەربازی لە نێوان جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سوپای حکومەتدا ڕوویداوە.

لە 3ـی ئاياری1988 حکوومەتی عێراق بە بەرنامەیەکی پیلان بۆ داڕێژراو بە بڕیاری ژمارە (160) ئەم ناوچەیەی خستە چوارچێوەی ناوچەی قەدەغەکراو و پرۆسەی ئەنفالی تێدا لە 3 – 7ـی ئایار ئەنجامدا، واتا لە ماوەی چوار ڕۆژدا کۆتایی بە پرۆسەکە هێنا، بەهۆی ئەو سیاسەتەی کە حکوومەتی عێراق پەیڕەوی دەکرد بە وێرانکردن و ڕووخانی کوردستان و نابەرانبەری هێز و بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کردەوەکانی سوپای عێراق ئەم ناوچەیەش وەك بەشێکی

زۆری ناوچەکانی تری کوردستان بەر پرۆسەکە کەوت و لە ئەنجامدا هەموو گوندەکانی سەر بە ناحیەی تەقتەق ڕووخێندران.
بەهۆی ئەو پرۆسەیەوە زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە گیران و دواتر ڕەوانەی زیندانەکانی دوبز و تۆپزاوا کران، دوای پۆلێنکردن و جیاکرنەوەیان ڕەوانەی نوگرەسەلمان کران، نزیکەی (199)کەسی ناوچەکە ڕەوانەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کران، هەروەك پرۆسەکە بووبە هۆی کۆتاییهاتنی ژیان و ئاوەدانی لەم ناوچەیەدا. ئەم پرۆسەیە قۆناغێکی گرنگی سیاسەتی توندوتیژی حکوومەتی عێراق بەرانبەر بە گەلی کورد دەخاتەڕوو.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە: ڕۆشنایی دەخاتە سەر پرۆسەی ئەنفالی تەقتەق و گوندەکانی دەوروبەری زانیارییەکان لە ڕێگەی سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگیراوە، بەتایبەت هەندێك بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە کە ئاماری ئەنفالکراوانی سنوری (تەقتەق)ـی تێدایە و تائێستا لە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی بۆ نەکراوە.
هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: ئەم بابەتە هەتاکوو ئێستا بەشێوەیەکی زانستی و ورد و پشتئەستوور بە بەڵگەنامە مێژووییەکان توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، هەڵبژاردنی ئەم بابەتە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی بەشێك لە مێژووی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد لە فەوتان و لەناوچوون بپارێزرێت.
ئامانجی توێژینەوەکە: لەوەدایە زانیاری دروست و مێژوویی پشتڕاستکراوە بە بەڵگە ئاماری ئەنفالکراوانی سنوری ناحیەی تەقتەق و گوندەکانی دەوروبەری دەخرێتەڕوو، بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو ئاشنا بین بە مێژوو و خەباتی گەلی کورد ئەو تاوانانەی کە بەرانبەری ئەنجامدراوە لە باشووری کوردستاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میتۆدی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی(کرۆنۆلۆژی- وەسفی) بەستراوە، بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی و بەڵگەنامەکانی دەزگا و دامەزراوە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق.

پێکهاتەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە سێ تەوەرە پێکهاتووە: تەوەرەی یەکەم: کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ناحیەی تەقتەق و دەوروبەری، تەوەرەی دووەم: بارودۆخی سیاسی تەقتەق پێش پرۆسەی ئەنفال، تەوەرەی سێیەم: ئەنفالی تەقتەق و دەوروبەری.

گرنگترین سەرچاوەکانی توێژینەوەکە: چەندین سەرچاوە بە زمانە جیاوازەکان سوودیان بەم توێژینەوەیە گەیاندووە، وەك: بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە کە ساڵێك دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال پارێزگای هەولێر داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوانی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کردووە، تێیدا ناو و ئاماری ئەنفالکراوانی سنوری ناحیەی تەقتەق ئاماژەی پێکراوە، هەروەها نامەی ماستەری (کۆسرەت ئەکرەم عەولا) بەناونیشانی(کۆیە لە شاڵاوی ئەنفالی چواردا)، هەروەها (زیوەر)ی ئیلینجاغی کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و مێژوویی و جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە بۆ گوندەکانی ناحیەی تەقتەق، لەگەڵ چەندین یاداشت و وتار و توێژینەوەی نێو گۆڤار و ڕۆژنامەکان تایبەت بەم پرۆسەیە.

گرفتەکانی توێژینەوەکە: گرنگترین ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی توێژەر بووەتەوە بریتییە لە: کەمی سەرچاوەی پێویست، سەبارەت بە ئەنفالی تەقتەق، هەروەها نەنووسینەوە و یاداشت نەکردنی چیرۆکەکانی ئەنفالکراوان، لەناوچوون و فەوتانی بەشێکی زۆر لەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە پرۆسەی ئەنفال، یاخود سیاسەتی توندوتیژی حکومەتی عێراق بەرانبەر بە گەلی کورد لەو ناوچەیە، چونکە زۆرجار تاوانەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد بەشێوەی نهێنی بووە و لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانەوە لە نێوبران یاخود سوتێنران و ئەرشف نەکراون.

## تەوەرەی یەکەم:

### کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی ناحیەی تەقتەق

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەقتەق لەڕووی کارگێڕییەوە یەکەمین ناحیەی قەزای کۆیەیە لەڕووی ڕووبەری زەوییەکەیەوە(کەکۆن، گۆڤار،ژ(27)، 2013، ل17)، بە دووری(23)کم لە باشووری کەناری ڕاستی (زێی بچووك) هەڵکەوتووە، کە دیاردەیەکی سرووشتی لە ناحیەی شوان و ناحیەی ئاغجەلەری سەر بە قەزای چەمچەماڵی جیادەکاتەوە، لە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەولێرە بە دووری(58)کم، لە باکووریدا ناحیەی ناوەندی قەزای کۆیە و لە خۆرهەڵاتی ناحیەی ئاشتی و لە خۆرئاوای ناحیەی سێگردکان و لە باکووری خۆرئاوای ناحیەی شۆڕش دەوریان داوە(ئیلینجاغی، 2014، ل11)، تەقتەق لەڕووی جوگرافییەوە خاڵی بە یەکگەیاندنی هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و کەرکووکە(دزەیی، 2001، ل188).

بەپێی سەرژمێری ساڵانی(1977/ 1987) گوندەکانی سەر بە ناحیەی (تەقتەق) پەنجا و هەشت گوند بوون(عوسمان، 2021، ل187)، لە خۆرئاواوە بە گوندەکانی (کانی لەلە، تاڵەبان، ئیلینجاغ، گۆڕ قەرەج، گەرمکی تەق تەق) لە باکوورەوە گوندەکانی(شیواشۆك، کونەگورگ، باغەجنێر، تەکەڵتوو، ناسر ئاغا، قورەبەراز)، لە ڕۆژهەڵاتەوە گوندەکانی(سەرکەڵەك، چۆم حەیدەر، موخەڕەس، گەرمك، مەلا زیاد، کانی ڕەش، شیوەجان، سورە قەڵا، نێرەگین)( ئیلینجاغی، 2014، ل11).

سەبارەت بە ناوی (تەقتەق) لە ناوەندەکەی وەرگیراوە کە شارۆچکەی (تەق تەق)ـە، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە لەمبارەیەوە هەندێك دەڵێن" لە (تاق تاق) واتا (تاك تاك)ماڵەوە هاتووە، یەك لێرە و یەکێکی دیکە لەوێ یان هەر ماڵێك لە شوێنێکەوە هاتوون و تێیدا نیشتەجێبوون(ئیلینجاغی، 2007، ل17) ، هەندێك مێژوونووس پێیانوایە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی بەرد و دەنگەکەی تەقە تەقی دروستکردووە، بە هۆی سرووشتی ناوچەکە کە زەوییەکی بن بەرد و ڕەقە و بەردی تەخت و سپی و لوسی لێیە لە ئەنجامی بەرکەوتنی بەردەکان دەنگی تەقە تەق پەیدا بووە و بۆیە بەو ناوچەیە گوتراوە(تەق تەق)(بابان، 1989، ص193). ئەمەش بیروڕایەکی تاڕادەیەك دوورە لە ڕاستییەوە.

هەروەها چیرۆکێکی کۆنی (تەق تەق) هەیە کە باس لە لافاوێکی زێی بچووك دەکات کە چۆن گوندی (کەڵەکچن)ـی بردووە، خەڵکەکەی ئاوارە بوون بۆ(قەرەناو، جگیلە، کانی ڕەش) کە دەکاتە (تەق تەق)ـی ئەمڕۆ، دیارترین کەسایەتی نێو چیرۆکەکە (نەنە حەلۆمە)یە پیرەژنێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەساڵاچوو و ئازابووە، ئاو بردوویەتی لە نێوان بانکی (تەق تەق) و فەرمانگەی(لقی کشتوکاڵی تەق تەق) لە کەندرێك گیرساوەتەوە، هەتا ئەمڕۆش کەندرِی (نەنە حەلۆمە)یە و بەسەرهاتەکەی بووە بە باسی گەورەکان بۆ نەوەکانیان دەوترێت نەنە حەلۆمە گوتوویەتی" ئەوە چی بوو تەقە تەقی بەرد کاسی کردین"، گوایە (تەق تەق) لەمەوە هاتووە(نەجم ،2025/5/5، تەقتەق).

سەبارەت بە لایەنی ئابووری، دانیشتوانی گوندەکانی سنوری (تەقتەق) بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوونە(ئۆمەر گومبەتی،2013،ل47)، گرنگترین ئەو بەرووبوومە کشتوکاڵییانەی کە لە گوندەکان بەرهەم هاتووە بریتییە لە (گەنم، جۆ، نیسك، نۆك، فاسۆلیا، لۆبیا، پاقلە)، لەگەڵ جۆرەها بەرهەمی وەك(تەماتە، خەیار، بامیە، کولەکە، توور و پیاز و سیر و کەرەوز ....هتد)(ساڵح، 2025/5/17، تەقتەق) بەرهەمە شیرییەکانی وەك(ماست، پەنیر)، ئەم بەرهەمانە سەرچاوەیەك بوون بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان و ئەوەشی لە خۆیان زیاد بووە ڕەوانەی شاری (کۆیە)یان کردووە (سەعید، 2008، ل175) و بە پارەکەی ئەو کەلوپەلانەیان کڕیوە کە خۆیان پێویستیان بووە وەك(شەکر، ڕۆن، چا،....هتد). ئەمە جگە لە ئاژەڵداری کە گرنگییەکی ئابووری زۆری هەبووە و بژێوی ژیانی دانیشتوانی گوندەکانی لەسەر بووە و سوودیان لە بەرهەمەکەی وەرگرتووە و هەروەها سەرچاوەیەکی سەرەکیش بووە بۆ دابینکردنی بەربوومی سپیایی بۆ خەڵکی شارۆچکەکە(ئیلنجاغی، 2022، ل262).

لە دیارترین جۆرەکانی ئاژەڵ کە لەم سنوورەدا بەخێوکراون (مانگا، مەڕ، بزن) هەروەها ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ گواستنەوە و کاروبارەکانی خۆیان بەکاریانهێناوە وەك(ئەسپ، ماین، گوێدرێژ)، هەروەها چەندین جۆری پەلەوەری وەك (مریشك، قاز، قەل، مراوی) بەخێوکراون، هەروەها ڕەز و باخ سەرچاوەیەکی دیکەی ئابووریی و داهاتی زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچەیە بووە، بەتایبەتی (هەنجیر، هەنار، ترێ، قەیسی، سێو، هەرمێ، قۆخ، هەڵوژە، زەیتون، باوی، سماق)، هەندێك لەو بەرهەمانە (مێووژ و سرکە و ڕووبەهەنار)ی لێ دروستدەکرا و لە وەرزەکانی دیکەدا سوودی لێوەردەگیرا(عەوڵڵا، 2023، ل120-123)، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکە بە سامانی سرووشتی دەوڵەمەند بووە، بەتایبەتی بوونی کێڵگەی نەوتی (شیواشۆك، تەقتەق)(محەمەد، 2013، ل331).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەڕووی ئایینیشەوە ئەم ناوچەیە زۆرینە موسڵمان و ڕێژەیەکی کەم لە مەسیحی و جولەکەش بوونیان هەبووە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بووە و بە هەرەوەزی و هەماهەنگی ئیش و کارەکانی ڕۆژانەیان ڕاپەڕاندووە و بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکدیان کردووە و لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا یەکتریان بەسەر کردۆتەوە(کانی کوردەیی، 2021، ل18).

لەڕووی تەندروستییەوە، ئەم ناوچەیە وەك زۆربەی ناوچەکانی تری باشووری کوردستان لەپێناو پڕکردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی گرنگییان بە بواری نۆژداریی و گیا دەرمانی داوە، کەسانێك هەبوون شارەزایی باشیان لە ناسینی گژ و گیا و جۆری نەخۆشی و چارەسەرکردندا هەبووە، جگە لە دروستکردنی دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی مرۆڤ تەنانەت بۆ ئاژەڵ و پەلەوەریش چارەسەریان هەبووە، ئەو کەسانە بەپێی نەخۆشیی و چارەسەرییەکان بە (تەبیب، حەکیم، بەیتاڵ) ناسراون(توبزاوەیی، 2013، ل39).

لەڕووی پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەوە، بەر لە کردنەوەی قوتابخانە(مزگەوت، خانەقا) مەڵبەندی خوێندن و فێربوون و پێگەیاندن و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری بوون لە ناوچەکە، دواتریش کە قوتابخانەکان کراوەتەوە منداڵەکانی خۆیان ناردووەتە بەر خوێندن و هەوڵی فێربوون و خۆپێگەیاندنیان داوە بەپێی قۆناغەکان(ساڵح، 2008، ل39).

## تەوەرەی دووەم:

### بارودۆخی تەقتەق بەر لە پرۆسەی ئەنفال

حکومەتی عێراق لە سەرەتای ساڵی 1986، دەستیکردووە بە ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر ئەو گوندانەی کە لەژێر کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگەدا بوون و حکوومەت دەسەڵاتی بەسەریاندا نەبووە، هەربۆیە لە نووسراوێکی نهێنی بارەگای فەرماندەیی هێزەکانی(41)لە 11ـی شوباتی1986، ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کراوە، تێیدا داواکراوە ناوی ئەو گوندانەیان بۆ بنێرن کە لەژێر کاریگەری هێزەکانی پێشمەرگەدان و پێویستە پەلامار بدرێن و هێرش بکرێتە سەریان، پارێزگاش ناوی (138) گوندی بۆ فەرماندەیەکە ناردووە، کە(48)یان سەر بە ناحیەی تەقتەق بوون (عوسمان، 2021، ل169-170).

بەهۆی بوونی چالاکی سەربازی و سیاسی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی کوردستان حکومەتی عێراق کەوتۆتە هەوڵی نەهێشتنی ئەم چالاکییانە، گوندەکانیشی بە سەرچاوەی چالاکییەکان دادەنا، دوای کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکایەتی هەرێمایەتی لە ساڵی 1987، پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی کەوتە بیری پلانێکی تۆکمە بۆ ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان(الخرسان، 2001، ص817)، ئەوەش دوای ئەو دەسەڵاتە زۆرەی کە بە (عەلی حەسەن مەجید) درا(عەبدوڵلا، بەهاری2006، ل24)، بەپێی بڕیاری ژمارە(160)(مجلس قيادة الثورة، رقم القرار160، تاريخ القرار 29ـی3ـی1987).

چوار ڕۆژ دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە بڕیاری ژمارە(244) لە 1987/4/2 دەسەڵاتی بە عەلی حەسەن مەجید دا بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە و خاڵەکانی نێو ئەم بڕیارە(مجلس القيادة الثورة، عدد244، 1987/4/2)، لە ناوەڕۆکی ئەم بڕیارەدا ئاماژەی بەوەداوە، کە شەش مانگ مۆڵەت دراوە بە دانیشتوانی گوندەکان بۆئەوەی گوندەکانیان چۆڵ بکەن و ڕوو لە شارەکان بکەن، ئەو ئاگادارکردنەوەیە لە ڕادیۆی(کوردی- لە بەغدا) خوێندرایەوە، لە دوای ئەوە حکوومەتی عێراق بڕیاری ژمارە (28، 4008) لەڕێکەوتی 20 حوزەیرانی1987 دەرکرد، ئەمە یەکەمین بڕیار بوو کە عەلی حەسەن مەجید دەریکرد و بە ڕاسپێردراوی جێبەجێکاری ئەم پرۆسەیە دانرا(حوسێن و ئەوانیتر، تەمموزی 2017، ل168).

بەپێی ئەم بڕیارە هەموو گوندەکانی باشووری کوردستان بە ناوچەی قەدەغەکراو دانران، بڕیارەکە قەدەغەکردنی هاتووچۆ و کشتوکاڵ کردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری دەگرتەوە(قيادة مكتب تنظيم الشيمال، (28، 4008)، 20ـی6ـی1987) و دەزگا پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد، کە پێویستە بە دواداچوونی وردیان لەوبارەیەوە هەبێت(ساڵح، بەهاری 2023، ل23).

سەبارەت بە وێرانبوونی گوندەکانی تەقتەق حکوومەتی عێراق بەردەوام ترسی لەم ناوچەیە هەبووە(عوسمان، 2021، ل187)، چونکە پێشمەرگە بەردەوام لەم سنورەدا چالاکی هەبووە(ئۆمەر گومبەتی،2013، ل47)، هەر بۆیە لە 20ـی تەممووزی 1987 نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور پێشنیازی بۆ پارێزگاری هەولێر کردووە سەبارەت بە وێرانکردنی ناحیەی (تەقتەق)، بەڵام ئەوەی ڕێگربووە لە بەردەم تێکدانی (تەقتەق) کەسایەتییەك بوو بە ناوی (مەلا تەڵوب جاسم حەمەدئەمین) کە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە بۆ ئەوەی (تەقتەق) تێکنەدرێت، چونکە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بنەماڵەی (مەلا تەڵوب) لە بنەڕەتدا عەرەبن و خەڵكی شاری (تكریت)ن، باب و باپیرانیان لە ساڵی1850 بەدواوە چوونەتە (تەقتەق) بەهۆی پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ ئەو ئەفسەر و سەرۆك تیپە سەربازییانەی كە هاتوونەتە ناوچەكە، ڕێگریان كردووە(عەولا، 2023، ل66-67).

بۆ نموونە لە ساڵی 1987 كاتێك گوندەكان دەكرێن بە ناوچەی قەدەغەكراو لیوا ڕوكن (تحسین زەنوونی) جێگری (عەلی حەسەن مەجید) دەچێتە (تەقتەق) و مەلا تەڵوب پێیدەڵێت" ماڵی خەڵك مەڕووخێنن، دەنا دواتر خودا ماڵتان دەڕوخێنێت" (مستەفا چاوشین، 2025/5/15، تەقتەق). دوای دەرچوونی بڕیاری ڕووخانی (تەقتەق)یش كە خەڵك ئاگادار دەكرێنەوە بۆ چۆڵكردنی ناحیەكە، شۆفڵ و كەرەستە و ئامێرەكانی ڕووخاندن دەبەنە ناحیەكە، مەلا تەڵوب دەچێتە سەربازگەی قەڵاتە بۆ لای سەرۆكی فیرقەی (24)، كە لیوا ڕوكن(كامل ساجد یاسین) بووە، ئەركی ڕووخاندنی (تەقتەق)ـی پێسپێدراوە، پێدەڵێت" سێ پرۆژەی گرنگی خزمەتگوزاری لە (تەقتەق) هەیە، ئەگەر ئێوە ئەو خەڵكە لە (تەقتەق) دەربكەن، ئەوا خەڵك هەموو دەچنە چیاكان و دەبنە پێشمەرگە، ناتوانن پارێزگاری لەو سێ پرۆژە گرنگە بكەن، ئەویش كە گوێ لەو قسانە دەبێت پێشنیاز دەكات بۆ سەرووی خۆی كە (تەقتەق) تێكنەدرێت(عەولا، 2023، ل 66-67).

ئەو سێ پرۆژە خزمەتگوزاریەش: یەكەم، پرۆژەی پردی تەقتەق، كە لەساڵی 1954 لە لایەن كۆمپانیای بیتۆن مونیرباو دروستكراوە، دووەمیان، كێڵگەی پەلەوەری تەقتەق كە لە ساڵی 1976 دروستكراوە، سێیەمیان پرۆژەی ئاوی تەقتەق كە لە ساڵی 1981 دروستكراوە(ئیلینجاغی، 2007، ل 35-37) ئەم سێ پرۆژەیە ڕێگربوونە لەبەردەم ڕووخانی (تەقتەق).

## تەوەرەی سێیەم:

### ئەنفالی تەقتەق و دەوروبەری

دوای ئەوەی حكوومەتی عێراق كۆتایی بە پرۆسەی ئەنفالی سێی گەرمیان هێنا و سەركەوتنی بەسەر سوپای ئێران بەدەستهێنا(ئەمین، 2018، ل5) و نیمچە دوورگەی(فاو)ـی لە 18ـی نیسانی 1988 گرتەوە سوپاكەی لەوپەڕی ورە بەرزیدا بووە، ئەمەش پێداگیرتری كردووە بۆ جێبەجێكردنی پیلان و هێرشەكانی بۆ ئەنجامدانی قۆناغی چوارەمی ئەنفال(ڕەشید، 2009، ل

64). ئەم قۆناغەی ئەنفال کە بە ئەنفالی (ئاوگەی زێی بچووك) ناسراوە (دزەیی، 2001، ل118)، لە3ـی ئایاری 1988 دەستیپێکرد(قوربانی،2014، ل29)، ناوچەیەکی جوگرافیای فراوانی گرتەوە، لە دەوروبەری زێی بچووك کە لە ناوچەکانی تەقتەق و کۆیە و قەڵاسێوکە، شوان، شێخ بزێنی، خەلەکان(بارزانی، 2021، ل325) چەمچەماڵ، تەکیە، ئاغجەلەر، عەسکەر، گۆپتەپە، کۆتەڵ، قوشتەپە، پردێ، دوکان، دێگەڵە، سورداش) پێکهاتبوون گرتەوە (عەبدە، 2011، ل64)، ڕووبەری ئەو شارۆچکە و گوندانەی کەوتوونەتە بەر شاڵاوەکە (2548کم) بوو، کە دەکاتە 64%ـی ڕێژەی ناوچەکە(عەوڵا، 2023، ل68).

لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم قۆناغەی ئەنفال، پێگە جوگرافییەکەی و گرنگی لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە (ئۆمەر گومبەتی، 2013، ل47)، چونکە گوندەکانی دەڤەری زێی بچووك پێگەی جوگرافی و بایەخ و گرنگی ئابووریی و سیاسیی و سەربازی ناوچەکە بوو، بۆ خەباتی سیاسیی و چالاکی پارتیزانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (میدڵ ئیست ۆوچ، 2013، ل 247). لەڕووی ئابووریشەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بووە، بە درێژایی کەناری زێی بچووك کشتوکاڵی لێکراوە.

سەرەڕای بوونی ڕەز و باخ و زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی و دێمی و پووش و پاوەن و لەوەڕگا بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ، لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت بەتایبەتی کێڵگەی نەوتی (تەقتەق)(ڕەشید، 2009، ل64).

ئەم قۆناغەی ئەنفال بەسەرپەرشتی (سوڵتان هاشم*) بووە و وەچەندین یەکەی سەربازیی و هەواڵگریی و هێزی ئاسمانی بەشدارییان تێدا کردووە(بارزانی، 2021، ل325)، حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی پیلان و بەرنامەیەکی پێشوەختە کارەکانی ئەنجامداوە و هەنگاو بە هەنگاو بەرنامەکانی جێبەجێکردووە(عەوڵا، 2023، ل71)، لە سەرەتادا ئاوی بەنداوی دووکانی بەرداوەتەوە بە ڕێژەیەکی زۆر بەمەش ئاوی زێی بچووك زۆر زیادی کردووە بۆ ئەوەی ڕێگە لە پەڕینەوەی خەڵکی ناوچەکە بگرێت(کەریم، 2008، ل15). سەرەڕای ئەوەش بۆمبیان خستۆتە ناو زێیەکە و ئاوەکەیان ژەهراوی کردووە بۆ ئەوەی ئەو هاووڵاتیانەی لە ئاوەکە دەخۆنەوە گیان لە دەستبدەن، ئەوە جگە لەو زیانە گەورەی کە بەهۆی ئەو کارە لە سامانی ماسی ناوچەکە کەوتووە(ڕێبوار، 2012، ل 8).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێزەکانی حکومەتی عێراق لە ناحیەی تەقتەق لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان لە 3ـی ئایاری1988 دەستپێکردووە: لە گوندی قەرەناوەوە بەرەو قوڵایی شێخ بزێنی سەروو و بناری خاڵ خالان و ناوشوان، لە گوندی جگیلەوە بەرەو شێخ بزێنی خواروو، لە گوندی گەرمك و کانی لەلەوە بەرەو گوندەکانی ڕۆژئاوای تەقتەق هەتا دەگاتە بەستی شەرغە(کانی لەلەیی، ل30)، لە گوندی چۆم حەیدەرەوە بەرەو قوڵایی دەشتی کۆیە، هێزێکی تر لە موخەرەسەوە بۆ گوندەکانی کەنار زێی بچووك، لە تەقتەقەوە بۆ گوندی کونە گورگ و باخە جنێر و گەرمك، لە تەقتەقەوە بۆ گوندەکانی لێواری زێی بچووك و شێخ بزێنی و گۆپتەپە(کەریم، 2008، ل15). حکوومەتی عێراقی بە تەواوەتی کۆنترۆڵی ناوچەکەی کردبوو، بە جۆرێك هەموو ڕێگاکانی دەربازبوونی لە خەڵکەکە بەستبوو(دەشتی،2013، ل242).

زۆربەی هێرشەکان ڕاپۆرتیان لەسەر بەرگرییەکی کەم و لاوازی هێزەکانی پێشمەرگە داوە، تەنیا لە دوو شوێن پێشمەرگە بەرگرییەکی بەهێزیان کردووە و هێزەکانیان لە جێگەی خۆیان جێگیرکردووە، ئەو شوێنانەش چیای تەکەڵتوو کە لەباکووری ڕۆژهەڵاتی تەقتەقەوەیە، هەروەها دۆڵی سەخت و هەڵەتی چەمی ڕێزان، ئەم بەرگرییە بەڕادەیەك بووە کە سوڵتان هاشم داوای پاڵپشتی زیاتری سەربازی کردووە و بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەکی زۆری سەربازیان بۆ ئەو ناوچەیە ڕەوانە کردووە، کە بە فڕۆکە لە سلێمانییەوە گوێزراونەتەوە(محەمەد، 2013، ل145).

هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراقی نەبووە، کە پڕچەك بووە بە تانك و تۆپ و کاتیۆشیا و فڕۆکە و کۆپتەری جەنگی، بەرانبەر بەو چەکە سادە و ساکارانەی کە پێشمەرگە بەدەستیانەوە بوو(حاجی ڕۆستەم، نیسانی، 2022)، بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی سیاسی هێزەکانی پێشمەرگە گەیشتبووە ئەو باوەڕەی هەر بەرهەڵستییەکی سوپای عێراق بکرێت جگە لەبارگرانی و مەترسی بۆ سەر ژیانی خەڵکی گوندنشینەکان هیچ سودێکی دیکەی نابێت(سەرچاوی، 2024، ل189)، لەگەڵ ئەمەشدا لە هەندێك شوێن هێزی پێشمەرگە بەرگریان کردووە، تەنانەت حکومەتی عێراق لە هەندێك ناوچە بەهۆی بەرگری هێزی پێشمەرگەوە چەکی کیمیاویی و قەدەغەکراوی بەکارهێناوە.

بەپێی بەڵگەنامەیەکی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە ئێران ئاماژەی بە سەردانیکردنی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ وڵاتی پاکستان کردووە، ئامانجی سەرەکی سەردانەکە هاندانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاکستان بووە بۆ لۆبیکردن لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەلایەن عێراقەوە دژ بە کوردستان، و گفتوگۆکردن سەبارەت بە سزاکانی جەنگ کە ئاراستەی ئێران کراوە، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران ئاماژەی بەوەکردووە هەندێك وڵات پێشنیازی سزادان دژی ئێران دەکەن لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق چەکی کیمیاویی بەکارهێناوە( BRITISH EMBASSY, ISLAMABAD, Novenber 1988)، هەروەها بەپێی گێڕانەوەی یەکێك لە شاهێدحاڵەکان کە هاوڵاتیەکی ئەمریکییە و وەك پەیامنێر و نووسەر لە کاتی پرۆسەی شاڵاوی ئەنفالدا لە کوردستان بووە و لەگەڵ پێشمەرگەکان لە شاخ بووە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت" مانگی ئایاری 1988 چوار فرۆکەی عێراقی بۆمبارانی سنورەکەیان کرد بە چەکی کیمیاویی هەستمان کرد بۆنی شتێکی ناخۆش دێت، بینیم خەڵکەکە چاویان سوور بووە و دەرشێنەوە، هەر بۆیە هەڵهاتم بۆ سنوری تورکیا، دواتر لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە کاتی دادگاییکردنی کاربەدەستانی حکومەتی پێشووی عێراق لە دوای 2003، سکاڵایەکی تۆمارکردوە وەك شاهێدحاڵێك(سلێمان، 2014، ل42).

هێزەکانی حکوومەتی عێراق  لە 7ـی ئایاری 1988 هەموو گوند و دێهاتەکانی ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کرد(مستەفا چاوشین، 2025/5/15، تەقتەق) و هەرچی ڕەز و باخ و ئاژەڵ و سامانی گوندەکانیان تاڵان و وێران کرد(عەبدە، 2011، ل70)  و لەهەمان ڕۆژدا فەرماندەی فەیلەقی یەك برووسکەیەکی بۆ سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراق ناردووە و کۆتایی هێنانی ئەنفالی قۆناغی چواری ڕاگەیاندووە(قيادة الفيلق الاول، رئاسة اركان الجيش، موضوع نهاية انفال4/ تاريخ 1988/5/7).

لە ئەنجامدا لە سنوری ئەنفالی چواردا (321) گوند وێران کران، (تەقتەق) وەك سەنتەرێکی ناوچەیی گرنگ لە لێواری باکووری زێی بچووکدا بووە بە شوێنێکی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەو گوندنشینانەی کە لە ماوەی ئەنفالی چواردا ڕەشبگیر کراون(عەبدولعەزیز،2005، ل52)، گیراوەکان هێندە زۆر بوون کە زیاتر لە سەنتەرێکیان بۆ خراوەتە کار وەك سەربازگەی قەڵاتە(ئۆمەر گومبەتی،2013، ل65)، کە یەکێکە لەو قەڵایانەی لە کوردستان بەپێی نەخشەیەکی ستاندارد لە ساڵی 1970 دروستکرابوون، دووەم شوێن، تەلەبەند کراو وەك گەوڕ و تەویلەیەکی بەخێوکردنی ئاژەڵ کە لە نزیك پردی (تەقتەق) بووە ئەو جێگایە شوێنێکی

حکوومی بووە بۆ بەخێوکردنی ڕەشە وڵاخ هەر بەشێوازە عەرەبییەکەی پێیگوتراوە(حەزیرەکەی تەقتەق)، ئەم گەوڕانە لە کاتی ئەنفالدا ڕەشە وڵاغیان تێدا بەخێونەکراوە، بەڵکوو خەڵکی ئەنفالکراویان تێدا کۆکراوەتەوە و دەستبەسەرکراون(میدڵ ئیست ۆوچ، 2013، ل 267).

ئەم هەڵمەتەی حکوومەتی عێراق دژی هاووڵاتیانی سڤیلی ئەم ناوچەیە تەنیا ڕەگەزی نێری نەگرتەوە، بەڵکوو ئافرەتانیش بەشێکی سەرەکی بوونە لەم پرۆسەیە و سوکایەتی کردن بە ڕەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان دوور لە هەموو دابونەریتێکی مرۆڤایەتی یەکێك بووە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژێمی عێراق لە پرۆسەی ئەنفالدا(عومەر، (2008)، ل10)، هەندێك لە ئافرەتەکان لەپێناو پاراستنی شەرەفی خۆیان و ترسی دەستدرێژیکردنە سەریان خۆیان بە ئاوی زێی بچووکدا داوە و خنکاون(کانی کوردەیی، 2021، ل74). دیارترین نموونەی ئەم حاڵەتە ئافرەتێك بەناوی (ڕەمزییە بەکر مستەفا)ناوبراو دوای ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێك ئافرەتی دیکە دەستگیر کراوە بۆ سەربازگەی قەڵاتە لە نزیك پردی تەقتەق گواسترانەتەوە، لەوکاتەدا یەکێك لە ئەفسەرەکان داوای هەندێك کچ و ئافرەتی جوان و لاو دەکات، و پاسەوانەکانی کەوتوونەتە ناو ئافرەتەکان و هەندێکیان جیاکردۆتەوە، ڕەمزییە هەستی کردووە بۆ ئەوە دەیانبەن دەستدرێژی بکەنە سەریان مەرگی هەڵبژاردووە و خۆی هەڵداوەتە ناو ئاوی زێی بچووك(ئۆمەربلی، 2023، ل246-247).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی فەرمی حکوومەتی عێراق دوای کۆکردنەوەی دانشتوانی گوندنشینەکان، ژن و منداڵ و پیاو لەیەك جیاکرانەوە بەمجۆرە: پیاوەکان بۆ فەرماندەی فەیلەقی چوار، ژنەکان بۆ فەرماندەی فەیلەقی سێ، منداڵەکان بۆ سەربازگەی مەشقی(الدروع) لە تکریت(القیادة عامة للقوات المسلحة، قیادة الفیلق الاول، 1988/5/23). بەگوێرەی وتەی سوڵتان هاشم فەرماندەی فەیلەقی یەك"خەڵکەکە دوای دەستگیرکردنیان بەڕێگەی ئۆتۆمبێلی سەربازی گواستراونەتەوە بۆ دەزگای هەواڵگری سەربازی لە کەرکووك و لەوێشەوە بۆ ڕێکخستنی باکوور، ئەوجا بۆ بەندیخانەی تۆبزاوە و دوبز (محەمەد، نیسانی2023، ل16) بەتایبەتی تۆبزاوە کە وێستگەی سەرەکی کۆکردنەوە و زیندانیکردنی ئەنفالکراوان بووە، جیا لەوەی ئەنفالکراوان بەشێوەی گرووپ (گۆڤاری تۆپزاوە، ژ6-7، 2025/4/14، ل6)، و دوای

پۆلێنکردنیان ڕەوانەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی سەماوە و نوگرەسەلمان کران(حاجی ڕۆستەم، نیسانی2025، ل450). هاوکات حاڵەتی مردنی تاك لە نێو ئەنفالکراوان بەهۆی ئەشکەنجە و برسێتی و نەخۆشی هەبووە، کە ڕۆژانە پێنج تا حەوت کەس لە نێو هۆڵەکانی زیندانی سەربازگەکە مردوون(ئەحمەد، 2025/5/26، کۆیە).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی عێراقی کە لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق پشتڕاستکراوەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات ئیدارەی سەربازگەکە ڕووفاتی ئەنفالکراوانی ڕەوانەی پزیشکی دادی کەرکووك کردووە، کە ئەوکات ناوی(دائرة الطبابة العدلية في التأميم) بووە، هەروەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە دوای زیادبوونی ناردنی ژمارەی ڕووفاتی ئەنفالکراوان بۆ پزیشکی دادی کەرکووك ئەو فەرمانگەیە نووسراوێك ئاڕاستەی نووسینگەی بەڕێوەبەری تەندروستی کەرکووك دەکات و لە نووسراوەکەدا هاتووە کە سەلاجەی مردووان توانای ئەو ژمارە زۆرەی ڕووفاتی نییە کە لەسەربازگەی تۆبزاوە بۆمان ڕەوانە دەکرێت، هەر بۆیە داوا دەکات چارەسەر بۆ بابەتەکە بدۆزرێتەوە، کە دواجار لەلایەن پارێزگاری کەرکووکەوە بۆ شاردنەوەی تاوانەکە بڕیار دەدرێت ڕووفاتەکان لەلایەن شارەوانی کەرکووك بنێژرێت (دائرة طبابة العدلية فى التأميم، مكتب مدير العام، الرقم 44في1988/6/16).

سەبارەت بە ئاماری ئەنفالکراوانی قۆناغی چوارەمی ئەنفالی ئاوگەی زێی بچووك، بە نزیکەیی ژمارەیان (4167) کەسە، لەو ژمارەیە (2854) لە ڕەگەزی نێر و(1313) لە ڕەگەزی مێ بوونە(عەوڵا، 2023، ل 72)، لەو ژمارەیە (199) کەس لە سنوری ناحیەی(تەقتەق) و گوندەکانی دەوروبەری بوونە. (مەلا شاخی، 2007، ل334؛ عەوڵا،2023، ل72).

بەپێی بەڵگەنامەیەکی حکوومەتی عێراقی کە لە ڕێککەوتی 22ـی7ـی1989 کە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کراوە تێیدا داواکاری کەسوکاری ئەنفالکراوانی ئەو سنورەیە، سەبارەت بە سۆراغی کەسوکاریان ناوی(47) هاووڵاتی هاتووە داوای سۆراغی (198) کەس دەکەن کە بەشێکی زۆریان دانیشتووی ناحیەی(تەقتەق)ن یەك لەوانە بە ناوی(کامەران حامد محەمەد) دانیشتووی ناحیەی (تەقتەق) ژمارەی خانوو(93) داوای سۆراغی براکەی دەکات بەناوی(مەجید حامد محەمەد)، هەروەها لە هەمان بەڵگەنامەدا (قەرەنی حەمەدئەمین سەعید) دانیشتووی هەمان ناحیە، کە ژمارەی خانووەکەی (62)یە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

داوای سۆراغی خێزان و منداڵەکانی دەکات بەناوەکانی(بسی رفیق توفيق هاوسەری، فیصل قرنی حمدامين، محمد قرنی حمدامين، محسومه قرنی حمدامين، نجيبة قرنی حمدامين)(بۆ زانینی ناوی ئەنفالکراوان و دەقی بەڵگەنامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2)- محافظة اربيل، مديرية الشوون الداخلية، الشعبة/ش،د، العدد/4د/2753، التاريخ/1989/7/22).

هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا، کە بەهەمانشێوە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر کراوە، کە داواکاری هاووڵاتیانی ناحیەی (تەقتەق)ـە سەبارەت بە سۆراغی کەسوکاریان، کە تێدا ناوی هەریەك لە(غنجه علي احمد) هاتووە، کە خەڵکی گوندی (باغه جنێر)ـە سەر بە ناحیەی (تەقتەق)، داوای سۆراغی هاوسەرەکەی دەکات بەناوی(صمد قادر محمد) هەروەها لە هەمان بەڵگەنامەدا (رضا اسماعيل طه) دانیشتووی ناحیەی (تەقتەق) ژمارەی خانوو(3330) داوای سۆراغی هاوسەر و منداڵەکانی دەکات بەناوەکانی(لعلي همزه قادر و عزیمة عمر رسول، هاوسەرەکانی، منداڵەکانی بەناوەکانی: کوروك رضا اسماعيل، حمه رضا اسماعيل، جوامير رضا اسماعيل، دلير رضا اسماعيل، دلزار رضا اسماعيل، هاوسەری دلزار بەناوی خديجة عزيز علي، منداڵەکانی کوڕێکی دیکەی بەناوی(لقمان) بەناوەکانی فەرمان لقمان رضا، شيروان لقمان رضا (محافظة اربيل، مديرية الشوون الداخلية، الشعبة/ش،د، العدد/4د/3143، التاريخ/1989/8/29)، هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی دیکەدا، کە دەستنووسی داواکاری ئافرەتێکە بەناوی(ناسکه توفيق احمد) دانیشتووی ناحیەی(تەقتەق) ژمارەی خانوو(60)، کە ئاڕاستەی پارێزگای هەولێری کردووە، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە هاوسەرەکەی بەناوی(طاهر حمەقادر) لە دایکبووی 1952 لە 15ی5ی1988 خۆی ڕادەستی مەفرەزە تایبەتەکانی(عەبدوڵڵا کاکە امين) کردووە، تاکو ئێستا چارەنووسی نادیارە، داوا دەکات چارەنووسی هاوسەرەکەی دیاری بکەن(ناسکه توفيق احمد، 1989/7/18). هەروەها لە بەڵگەنامەیەکی هاوشێوەدا (ناجيه ميرزا قادر) دانیشتووی ناحیەی تەقتەق لە 1988/7/8 داواکارییەکی ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کردووە و تێیدا داوای سۆراغی براکەی دەکات بەناوی(نادر ميرزا قادر) کە لە1988/5/10ەوە چارەنووسی نادیارە(ناجيه ميرزا قادر، 1988/7/8).

لە یەکێك لە کۆنگرەکانی مانگانەی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق، پێشنیار کراوە دەستەواژەی (زانیاری تەواومان لەبارەی چارەنووسیانەوە لەلا نییە) لە جیاتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستەواژەی(ئەوانەی دەستگیرکراون لە پرۆسەی ئەنفال هەتا ئێستا دەستبەسەرن بەکاربهێنرێت(م. الامن، ظابط ن.م.ر، م السياسى، 1990/10/18) لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی ئەمنی پارێزگای هەولێر بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلە و تایبەت ئاڕاستەی بەشەکانی ئەمن هۆبەی سیاسی کراوە، تێدا هەموو بەرپرسەکان ئاگادار دەکاتەوە کە ژمارەی دیلەکانی دوژمن(مەبەستی ئەنفالەکانی کوردە) بەهیچ شێوەیەك لە گفتوگۆ ڕۆژنامەوانییەکان باس نەکەن، ڕاگەیاندنەکان یاخود هەر شێوازێکی دیکە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی پابەندکردنی حکومەتی عێراق بەرانبەر ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە پرسی دیل و مافی مرۆڤەوە(برقية سرية فورية، امن الاقسام/شعبة السياسية من امن اربيل، 1989/8/5).

دەتوانین بڵێین. مەبەستی حکوومەتی عێراق بۆ خۆدزینەوە بووە لە وەڵامی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، لەلایەکی دیکەوە پەیامێك بووە بۆ نائومێدکردنیان لە ئەگەری زیندوو یاخود گەڕانەوەیان، لە کاتی خوێندنەوەی زانیارییەکانی نێو بەڵگەنامەکان دەگەینە چەند بۆچوونێك: دامەزراوە کارگێڕیی و مەدەنییەکانی دەوڵەت زانیاری و ئاگادارییەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە وردەکاری پرۆسەی ئەنفال نەبووە، دەربارەی بێسەروشوێنکردنی هاووڵاتی کورد، چونکە لە یەکێك لەو فەرمانانەی کە دەرچووە داوا دەکات تەواوی دام و دەزگا سەربازیی و مەدەنییەکانی باکووری عێراق بخرێنە خزمەتی پرۆسە سەربازییەکان، واتە هەر کاتێك کە دەزگای سەربازیی (جەیش و جاش) ویستیان لە ناوچەکە ئەنجامی بدەن ئەبێت ئەو دامەزراوانە بخرێنە خزمەتیان بە زانیاری بێت یان هەماهەنگی سەربازیی و کارگێڕی بێت، حکوومەتی عێراق زۆر بەشێوەیەکی نهێنی و بێ هەماهەنگی لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان ئەو پرۆسەیەی ئەنجامداوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی بە دەزگا هەواڵگرییەکان و سەربازییەکان سپاردووە، لەلایەك هاووڵاتی کورد بێسەروشوێنکراوە و لەلایەکی دیکەوە داواکاری کەسوکاریان بۆ دامەزراوەکانی دیکە بەرز کردۆتەوە، داوای ئاشکراکردنی چارەنووسیان کردووە، بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە کە ئەمە تەکتیکێکی حکوومەت بووە بۆ سەرقاڵکردنی کەسوکاریان و بە لاڕێبردنی پرۆسەی ئەنفال.

بەپێی ڕاپۆرتێکی باڵیۆزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەغدا، کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ناردووە، تێدا ئاماژە بەوە دەکات دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی قۆناغی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارەمی ئەنفال و وێرانکردنی بەشێکی زۆری گوندەکانی چوارچێوەی ئەم پرۆسەیە، حکومەتی عێراق هەستا بە دروستکردنی چەند کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێ بەمەبەستی نیشتەجێکردنی گوندنیشینەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوان، لەگەڵ ئەوەشدا هێزێکی زۆری سەربازی لە کوردستان و نزیك ئەو کۆمەڵگایانەی جێگیرکرد(کیلی، 2013، ل75).

بەمجۆرە ناوچەکانی تەقتەق و دەوروبەری، کە بەشێك بوونە لە پرۆسەی قۆناغی ئەنفالی چوار، بووە بە قۆناغێکی مەترسیدار لە سیاسەتی توندوتیژی حکوومەتی عێراق دژی میللەتی کورد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام:

1- لە چوارچێوەی شاڵاوی ئەنفالی چواردا ناحیەی تەقتەق و گوندەکانی دووروبەری لە ماوەیەکی کورتدا لە 3 تا 7ی ئایاری 1988 لەگەڵ زەوی تەختکران و ژیان و ئاوەدانی لەم ناوچەیەدا کۆتایی هاتووە هەتا دوای پرۆسەی ڕاپەڕینی 1991.

2- لە ئەنجامی ئەنفالی تەقتەق، نزیکەی 199 کەس بێ سەروشوێن کران و بەپێی بەڵگەنامەکانی پارێزگاری هەولێر کەسوکاری ئەنفالکراوان داوای سۆراغی کەسوکاریان کردووە، بەڵام بێ وەڵام ماونەتەوە.

3- مەبەستی سەرەکی حکومەتی عێراقی لەم پرۆسەیەدا فرەڕەهەندبووە، وەك کۆتایی هێنان بە شۆڕشی کورد و کەمکردنەوەی ڕێژەی دانشتوانی گەلی کورد، لەناوبردنی سەرچاوە ئابووریی و سرووشتیەکان.

4- حکومەتی عێراقی لە ڕێگەی بەرنامە و پیلانێکی پێشوەختە کاریکرد بۆ لە ناوبردن و ڕووخانی گوندەکانی کوردستان.

5- ڕژێمی بەعس لە پرۆسەکانی ئەنفالدا جیاوازی نەکردووە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا، بەڵکوو هەردوو ڕەگەزی خستۆتە نێو چوارچێوەی پلانی خۆیەوە کە لە ناوبردن و سڕینەوەی میللەتی کورد بووە دوور لە بەها مرۆڤایەتییەکان.

6- ئەم پرۆسەیە تەنیا مرۆڤی نەگرتەوە، بەڵکوو ئاژەڵداری و تەواوی بەرووبومە کشتوکاڵییەکانیشی گرتەوە، بەشێوەیەك بە هەزاران دۆنم زەوی سوتێنران و ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ لە نێوبران.

7- بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هۆکاری سەرەکی بووە کە حکوومەتی عێراقی لەوپەڕی بێ منەتی و حساب نەکردن بۆ هیچ لایەن و وڵاتێك ئەم پرۆسە دڕندانەی ئەنجام داوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# لیستی سەرچاوەکان:


## بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

### کوردییەکان:

داواکاری هاووڵاتی ناسکە توفیق احمد، تەقتەق، لە ڕێکەوتی 1989/7/18 ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کراوە.

داواکاری هاووڵاتی ناجیە میرزا قادر، تەقتەق، لە ڕێکەوتی 1989/7/8 ئاڕاستەی پارێزگای هەولێر کراوە.

### عەرەبیەکان:

محافظة اربیل، مديرية الشوون الداخلية، الشعبة/ش،د، العدد/4د/2753، التاريخ/1989/7/22

محافظة اربیل، مديرية الشوون الداخلية، الشعبة/ش،د، العدد/4د/3143، التاريخ/1989/8/29

### ئینگلیزییەکان:

BRITISH EMBASSY, ISLAMABAD, Novenber 1988

## بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

(قيادة مكتب تنظيم الشيمال، (28، 4008)، 1987/6/20)

(مجلس قيادة الثورة، رقم القرار160، تاريخ القرار 1987/3/29).

(قيادة الفيلق الاول، رئاسة اركان الجيش، موضوع نهاية انفال4/ تاريخ 1988/5/7)

م. الامن، ظابط ن.م.ر، م السياسى، 1990/10/18

برقية سرية فورية، امن الاقسام/شعبة السياسية من امن اربيل، 1989/8/5

مجلس القيادة الثورة، عدد244، 1987/4/2

القيادة عامة للقوات المسلحة، قيادة الفيلق الاول، 1988/5/23)

دائرة طبابة العدلية فى التأميم، مكتب مدير العام، الرقم 44في1988/6/16)

### کتێبە کوردییەکان:

ئۆمەربلی، پەرژین جەعفەر، 2023، ڕۆڵی ئافرەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستاندا 1958-1991، لەبڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی دانشفەر.

ئۆمەر گومبەتی، ئیدریس، (2013) ئەنفالی زێی بچووك، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتییە، چاپی یەکەم، سلێمانی چاپخانەی کەمال.

ئیلینجاغی، ئاراس،(2007)، تەق تەق پەلکەزێڕینەی کەنار زێی بچووك، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی یاد.

ئیلینجاغی، ئاراس، (2014)، زێوەر، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی و مێژوویی و جوگرافیی و ئابووری و کۆمەڵاتییە بۆ گوندەکانی ناحیەی تەق تەق، چاپی یەکەم، سلێمانی.

ئیلینجاغی، عەلی، (2022)، ژیان لە نێوان خەون و واقیعدا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

بارزانی، مسعود(2021)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی چوارەم1975-1990، شۆڕشی گوڵان، بەشی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوکسانا.

دزەیی، یوسف، (2001)، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای هەولێردا، چاپی یەکەم.

دەشتی، محەمەد، (2013)، ئەنفال لە گەرمیانەوە تا بادینان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.

ڕەسوڵ، شۆڕش حاجی، (2003)، ئەنفال و کورد و دەوڵەتی عێراق، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

سەعید، کامران تاهیر(2008)، کۆیە، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی هەرێمی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تیشك.

سلێمان، تەها، (2014) لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە، دۆسیەی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی.

عەبدە، زەمان،(2011)، مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر ،چاپخانەی منارە.

عومەر، عەدالەت، (2008)، شاڵاوەکانی ئەنفال و کاریگەری لەسەر باری ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی بەجێماوی ئەنفال، هەولێر.

